KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17:26 26-6-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرکردەکانی کورد هێشتا زەلیلی ئایدیۆلۆژیا ڕزیوەکان! ... تاڤگە سابیر



ئەوەی زیاتر بووە کاریگەری هەبوو وە بووە مایەی لە دایك بوونی ئەم نووسینە دیماگۆگیەت دووڕوویی و خۆیەکلانەکردنەوەی سەرکردە سیاسیەکانی کوردە لە بەرامبەر ئەم هەموو ڕەشەکوژییەی دژ بە ژنان دەکرێ لە باشووری کوردستان، تەنیا بۆساتێکیش بێت نەیانتووانیووە بەرگرییەکی جدی لە ژن بکەن و، تەنیا بۆ جارێکیش بێت لە زمانی سەرکردەیەکمان نەبیست ئازایانە و جوامێرانە هۆکارە ڕاستەقینەکانی کوشتنی ژنان ئاشکرا بکەن و ئیدانەی بکەن، هەزار سەرکردەی ئازا و چاونەترس لە مەیدانەکانی شەر دژی داگیرکەران، بەرامبەر کۆلکە مەلایەکی نەفام ناتوانێ نوقەی لێوە بێت ناتوانێ ڕاشکاوانە بڵێت ئەوە بیروباوەڕی ژەنگاوی ئێوەیە ئەی پیاوانی ئایینی ڕۆژانە خوشك و دایك و خۆشەویستەکانمان لە خوێن دەگەوزێنرێن!!

خەتەرەکە لەوەدایە نە بەرێز سەرۆکی هەرێم نە سەرۆکی حکومەت نە سەرۆکی پەرلەمان، ناتوانن بە شێوەیەکی ڕەها و بە یاسا کوشتنی ژن قەدەغە بکەن، ئەوان لە قسەی مەلاکان و پیاوانی ئایینی دەترسن... ئەوان لەوە دەترسن مەلاکان و پیاوانی ئایینی جەماوەر لە پارتی و یەکێتی بکەنەوە و بە خەڵك بڵێن یەکێتی و پارتی کافرن! بەڵام گوێ بەوە نادەن ڕۆژانە هەزار ژن بەردباران و گوولەباران و بە چەقۆ شەق و پەق بکرێ، نادروستی و بێئاگایی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی کورد لەوەدایە کە نایانەوێ خەڵکی ئازادیخواز و ڕووناکبیر و پێشکەوتووخواز بە ژن و پیاوەوە بۆ خۆیان ڕاکێشن لە جیاتی نوخبەیەکی کەمی مەلا و ئەو (بەناو) زانایانەی کە هەڵگری بیروباوەڕێکی ژەنگاوی و داوەشاوی 1400ساڵ لەمەوپێشن... ئەوان ڕۆژانە لە بڵندگۆی مزگەوتەکان ژەهری ئایدیۆلۆژیایەکی ڕزیو دەڕێژن و پیاوە کۆنەپارێزە دواکەوتووەکان و گەنجە سەرلێشێواوەکان هاندەدەن بچن دایك و خوشك و خۆشەویستانیان بکوژن!

ئەگەر یەکێتی و پارتی ڕاست دەکەن لەگەڵ ئەمەریکا لە بەرەی دژە تیرۆرن نابێ ڕێگە بدەن هیچ کەسێك خەڵك بە بیانووی دینەوە هان بدەن بۆ ژنکوشتن... ئەگەر بەرێز سەرۆکی هەرێم بەراستی دژی تیرۆرە بۆچی ڕێگە دەدا ئەم هەموو ئوسامە بنلادنەی کورد بە ئاشکرا پروپاگاندە بۆ ژنکوشتن بکەن... ؟ چەند تیرۆریستی ژنکوژیان لە سێدارەدا؟... ئێستا بەرنامەیان چیە بۆ وەستانی ئە شاڵاوی ژنکوشتنە؟... فەرموون سەیری (bbc وcnn) بکەن بزانن کورد ئابڕوی ماوە لە دونیادا؟! بزانن و بخوێننەوە چۆن پیاوی کورد لە نووسینەکان بە دڕندە و وەحشی وەسف دەکرێ... ئاخر من خۆم وەك کوردێك بەم جۆرە وەسفانەی سەرکردایەتی میللەتەکەم زۆر قەڵس دەبم... وەك ژنێکیش دوو ئەوەندە زیاتر نیگەرانم بەرامبەر ئەم ڕەوشەی ژنی کورد کە تا ئەم لەحزەیەش ڕووبەڕووی ئەنفالێکی وەحشیگەریانە بۆتەوە... سەرکردایەتی کورد ئەبێ خۆی یەکلا بکاتەوە ئایا لە گەڵ تیرۆریستانی ژنکوژن.. یان سەرنگەرێکی پێشکەوتووخوازانە و مرۆڤپەروەرانە؟ ئەگینا نابێ گلەیی بکەن ئەگەر پێیان بڵێین بەشدارن لە هەموو تاوانەکان!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

26-6-2007 17:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پێم سەیرە مەسەلەی کوشتنی ژن و دەرکردنی یاسا بۆ حەرامکردنی کوشتنی ژن لەژێر پەردەی شەرەف و نامووس بە مەلا و زانایانی ئایینی بسپێرن!!!ئەمە وەك ئەوە وایە گۆشت بە پشیلە بسپێرن!!!!

هەقە وەزیرەژنەکان و پەرلەمانتارەژنەکانی کورد گوشارێکی بەهێز دروست بکەن بۆ سەرکردایەتی پیاوسالاری سیاسی، هەڵوێستی توند بنوێنن بەرامبەر ئەم رەشەکوژییەی ژنان.. هەقە رێگە نەدەن مەسەلەی ژنان بچێتە بەردەم مەلاکان... هەقە وا بکرێ بە هەموو شێوەیەك هاندان بۆ کوشتن نەك هەر قەدەغە بکرێ بەڵکو بە یاسا ببێتە تاوانێکی گەورەی قورستر لە مادەی (406) یاسای کۆنی عێراقی.

سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەگەر دەیەوێ بە رووخسارێکی جوان و سیمایەکی پێشکەوتووخوازانە لە دونیا بناسرێ دەبێ هەرچی زووە بەری ئەم قەسابخانەیە بگرن و بێنە سەنگەری قوربانیان و پارێزگاریکردن لە مافەکانی ژن و، ئەم هاوکێشە کۆن و بەسەرچووە توڕ تێهەڵدەن کە پێی دەڵێن دابونەریت و کۆنە پارێزی.. ئەگەر سەرکردایەتی کورد ئەیەوێ ببێتە سەرکردایەتییەکی راستەقینەی ئەم میللەتە بە ژن و پیاوەوە.. نابێ نیوەی ئەم میللەتە فەرامۆش بکا بە هۆی نوخبەیەکی عەقڵ رەش و ئایدیۆلۆژیای رەش و رەفتارو هەڵسوکەوتی رەش!!

ئەگەر جەماوەرتان ئەوێ بۆ ئەوەی دەسەڵات و کورسیەکانتان بپارێزێ و بەردەوام بن لە سەرکردایەتی فەرموون نیوەی میللەت بۆ خۆتان راکێشن... فەرموون کەسانی پێشکەوتووخواز بۆ خۆتان راکێشن بە ژن و پیاوەوە!

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.